# دژ بەسیاسەتی گێرانەوە کۆڵ نادەین

## مافی نیشتە جێ بوون ، مافی هەموو پەنابەرانی عیراقی






**خۆپشاندانی نارەزایەتی فدراسیۆن دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی کورد**

رۆژی 26–8–2005 کات ژمیری 12 پاش نیوەڕۆ فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا هەستا بە بەرپاکردنی خۆپشاندانێکی نارەزایەتی دەربرین لە لەندەن لەبەردەم هۆم ئۆفیس، دژ بەپیلانەکانی حکومەتەکەی تونی بلیر بۆ بەریوەبردنی سیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی کورد کە ماوەی چەند هەفتەیەکە پۆلیسی بەریتانیا کەوتوونەتە پەلامارو گرتنی پەنابەرانی کورد بە مەبەستی گرتن و راپیچکردنیان بۆ گرتووخانەکان. کە تائیستا 33 کەسیان لیٰ دیپۆرت کردونەتەوە بۆ کوردستان . ئەم هیرشە لە کاتیکدا یە کە دەزگاکانی راگەیاندن هەر رۆژە چەندین جار ڕاپۆرت لە سەر نائەمن بوونی عیراق و کوشت و کوشتارو پەرەپیدانی شەری قەومی و مەزهەبی وتایفەی کە سەرتاپای کۆمەڵگایەی عیراقی تەنیوەتەوە باس لیٰ دەکەن.

خۆپشاندەران بە درۆشمی (سیاسەتی دژ ئینسانی دیپۆرت کردنەوە ڕاگرن) ، (مافی پەنابەری مافی ئینسانە) (پەنابەرانی کورد دەڵێن نامانەویت بمان نیرنەوە ...کوردستان و عیراق نائەمنە)...بەگەورەی بەردەم هۆم ئۆفیس داگرتبوو،ودەنگی نارەزایەتی پەنابەران شەقامەکانی ئەو دەوربەرەی پرکردبوو، بەشێوەیەك کارمەندەکانی هۆم ئۆفیسی بەتەوای شپرز بووبوون . هاوکات کەناڵەکانی راگەیاندنیش بەردەوام خەریکی راپۆرت ئامادەکردن بوون لەسەر خۆپشانەکە . شایەنی باسە ئەم خۆپشاندانە لەراستای کەمپینیکی بەرفراوان بوو کە بەشێوەی جۆراوجۆر و زنجیرەی نارەزایەتی لە لەندەنو نوتین هام و مانچستەرو کاردیف وستۆك ئۆن ترینت و لیدزو بەرمنگهام، بەخۆپشاندانی نارەزایەتی و ئیمزاکۆکردنەوەی پەنابەران و کۆروکۆبوونەوەی دەستەدەستەی پەنابەران و بەدەست هینانی پشتیوانی لەچەند رۆژ لەوەو پێشەوە بەریوەبرا بوو.

پاشان وەفدیکی فدراسیۆن کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، نوری بەشیر، جاسم غفور، Annette ) روویان کرد هۆم ئۆفیس و لەگەل نۆینەر هۆم ئۆفیس کەوتنە گفتووگۆ دژ بەسیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی کورد، وە ماوەی 8 ڕۆژ دانرا لەلایەن فدراسیۆنەوە لەحالەتی وەلام نەدانەوە، بەهۆم ئۆفیس راگەیەنرا خۆپشاندانی نارەزایەتی بۆ خستنەرووی سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی بەریتانیا لەچەند وولاتی ئەورپی خۆپشاندان دەکریٰ لەبەردەم سەفارەتەکانی بەریتانیا و پەرلەمانی ئەورپا ،لەکۆتای کفتووگۆدا نزیك بە (2000) هەزار ئیمزای نارەزایەتی پەنابەران وریٚکخراوە ئینسانی و یەکیتی کریٚکاریەکانی بەریتانیا کە خواستەکانی پەنابەرانی کورد و عیراقی تیا هاتبوو لەگەل نامەی (دەشتی جەمال) بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا (Charles Clarke ) تەسلیم کرا سەرئەنجام نۆینەری هۆم ئۆفیس بەڵینیان دا ئەو راسپاردانە بگەیەنن و وەلام بدەنەوە.

لە لایەکی تر نۆینەری جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا و لەحزبی سەوزی بەریتانیا و ،پەیامی جان مکدوناڵد ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و، هۆزان محمود نۆینەری رێکخراوی ئازادی ژن ، سەوسەن سەلیم بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کوردستان ، نۆینەری رفیوی کەنسل و

ئارن لەکەمپینی دژ راسیزم و فاشیزم ،سەعید ئارمان بەرپرسی ڕێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئێرانی ..) پەیامی پشتیوانی خۆیان لەپەنابەرانی کورد ودژ بەسیاسەتی گەرانەوە قسەو باسیان کرد.

شایەنی باسە لەم خۆپشاندانەدا نوێنەرانی یەکیتی کرێکاری (CWU) و گروپ و کەمپینی پەنابەری و ئینسانی کەلەم خۆپشاندانە بەشداربوون لە خواستەکانی ئەم خۆپشاندانە پشتیوانیان کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگاکانی راگەیاندن چاوپیکەوتنیان لەگەل بەرپرسی فیدراسیوندا ئەنجامدا کە لەوانە روویتەر و رۆژنامەی تایمس و رادیووی بی بی سی بەشی ئۆکس فۆرد ... هەمان رۆژ هەواڵەکانی بلاوکرایەوەو ،دوایی یەك کات ژمێر خۆپشاندان سەرکەوتووانە تەواوکرا ، کەمپینی فدراسیۆن لەو پێناوەدا تا بەدەست هینانی خواستە بەرهەقەکانی پەنابەران و دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی کورد بەردەوامە و بەریزەکانی یەوە پەیوەست بن.

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بریتانیا**

2005 / 8 /27

---

## خؤثشانداني ثةنابةران دذ بةسياسةتي ديثؤرت كردنةوة لةشاري مانضستةر

رۆژی 25-08-2005 لە شاری مانچستر فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی هەستا بەسازدانی خۆپشاندانێکی نارەزایەتی دژ بەناردنەوەی پەنابەرانی کورد ، بە بەشداری چەندین پەنابەری کوردو و خەلکی چەپ و ئینسان دۆستی ئەو شارە،خۆپشاندەران بەهەڵبرینی درۆشم و پلاکارتی نارەزایەوە دژ بەسیاسەتی نادنەوەی زۆرەملی وپێشلکاریەکانی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە مافەکانی ئینسان و پەنابەران ، لەگەل خۆیان هەلگرتبوو لەبەردەم پیکادلی گاردن بەشێوەیەکی شارستانیانە.

لەسەرەتادا لوجنەی ئەمنی بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆپیشاندانەکە و ریکخستنی پیکهات.

پاشان بورهان فەتاح پەیامی فیدراسیۆنی سەرتاسەری بە خۆپیشاندەران راگەیاند و جەختی لەسەر هاوپشتی و هاوخەباتی ویەکگرتووی پەنابەران و رێکخراوە ئینسانی کانی کردوە لەپێناو داکۆکی و بەرگری لەمافی نیشتەجێ بوون وبەرەسمیت ناسینی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی.

خۆپیشاندانەکە بە 10یەها خەلکی ریبواری ئەوشارە پەیتا پەیتا پەیوەست دەبوون و هووتافەکانی (کوردستان نائەمنە ،ماف پەنابەری ماف ئینسانە ...ماف پەنابەری بۆ پەنابەران ...ئێمە نامانەوێ بمان نیرنەوە دەووتەوەو ئیمزایان خۆیان دەدا لەخواستەکانی پەنابەران کە لەفۆرمەکەدا هاتبوو بۆ( بەرەسمیت ناسینی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی و کردنەوەی مەلەفەکانیان و ئازاد کردنی گیراوەکان دەست بەجێ )دەکرد.

لە سۆشسالیست ئەلاینسی ستۆکپۆرتەوە,جۆن پیرسن دەیفید بە نوینەرایەتی هاتبوون و لافیتەیان هینابوو و ئیمزایان کۆدەکردەوە.

چەند کەسایەتی تر ئامادەبوبون لە رەفیووجی ئاکشنەوە کە بەشێوەی سەربەخۆ لە ریکخراوەکەیان پشتیوانیان لە داواکاریەکانی ئەم خۆپشاندانە نارەزایەتی یە دەکرد.

لەم خۆپشاندانەدا نزیك بە 60-70 پەنابەر بەشداربوون وە بە شۆروو شەوقەوە پاش 2 کات ژمێر خۆپشاندان کۆتایی پیهات، کەمپینی فدراسیۆن تا بەدەست هینانی تەواوی مافەکانی پەنابەران تیدەکۆشێ وریزەکانی پتەوتر بکەن.

**فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی-مانچستر**

2005-08-27

---

# خۆپشاندانی شاری شەفیڵد دژ بەسیاسەتی گەرانەوە لەگەل پشتیوانی گەورە بەروو روو بوو

رۆژی شەمە لەشاری شەفیڵد خۆپشاندانێکی گەورەی پەنابەران لەم شارە بەرێ کەوت کەنزیك بە 500 کەس تیا بەشداری کرد دژ بەسیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیاو رێکخراوە چەپەکان تیا بەشداربوون وە هەروەها نوێنەری رەسمی فدراسیۆن لەم خۆپشاندانەدا قسەو باسی کرد.

سەرەتا خۆپشاندەران بەرێپیوان بەرێ کەوتن بۆ سەنتەری ئەو شارە وپاشان لەبەردەم شارەوانی ئەو شارەدا خۆپشاندەران کۆبوونەوە وەبەدەیان درۆشمی دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی و داوای دەخستنی گرتووخانەی دەست بەسەرو وسیاسەتی دیپۆرت کردنەوە لەلایەن خۆپشاندەرانەوە هەڵگیرابوو ، شیعاری جۆراجۆر کە هاوپشتی لەگەل پەنابەران دەردەبری دەووترایەوە.

لەم خۆپشاندانەدا بورهان فەتاح بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر و بەنوێنەرایەتی فدراسیۆن قسەوباسی پێشکەش کرد پاش بەخیرهاتنی ئامادەبووان باسی لەسیاسەتی نائینسانی و راسیستی حکومەتی بەریتانیاکرد رای گەیاند دەبێ بوەستینرێ ،هاوکات ووتی(ئەم گەنجانە هاتوون تعبیر لەخواستە ئینسانی یەکانیان دەکەن ..،هاتوون بەدژی ناردنەوەی زۆرەملی خۆپشاندان دەکەن .،خەڵکانێکن قوربانی جەنگ و نائەمنی و نیزامی سەرمایەدارین ،دەبێ مافی پەنابەریان بۆ بەرەسمیت بناسرێ..) لەبەشیکی تری قسەوباسەکانیدا پەیامی فدراسیۆنی سەرتاسەری پێ راگەیاندن وباسی لەچالاکی یەکانی فدراسۆن کرد کە لە لەندەنو ونوتین هام وبەرمنگهامو ستۆك ئۆن ترینت بۆ بەرگری وداکۆکی لەپەنابەرانی کورد فدراسیۆن دەستی بۆ بردوە هەروەها ئەو پەیامەی ئیشارە پێ دا کەلەخۆپشاندانی لەندەن بەهۆم ئۆفیس راگەیەنراوە گەر لەماوەیەکی دیاری کراودا ئەم سیاسەتە رانەگرن و وەلام نەدەنەوە ئەوا فدراسیۆن دەست دەبات بۆ خۆپشاندانی سەرتاسەری لەچەند ولاتی ئەورپا ..،هەروەها باسی کرد کە هیچ کەسێك بۆ هیچ شۆێنێك سنورداش ناکریتەوە ئەگەر ئەو ولاتە رازی نەبێت کەوایە حکومەتی بەریتانیاو ودەسەلاتدارن لەکوردستان بەشدارن لەم عەمەلی یە...دوای قسەو باسی لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە خەتەرناکە کرد کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیا دوای تەقینەوەکانی لەندەن گیراوەتە بەر ،باسی لەئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستان و نائارامی و نائەمنی کرد و بە پەنابەرانی ووت ئێوە ئەوەتا لەم خەباتەتاندا تەنها نین خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیاو یەکیتی کرێکاری و رێکخراوەچەپەکان هاتوون پشتیوانی دەکەن و سپاس گوزاری لێ کردن لەو هەلویستە گرنگە و ئینسانی یە .

لەکۆتای قسەو باسەکانیدا تاکیدی کرد کە ئەم خۆپشاندانە دوا کارو هەنگاوی ئێمە نابێت تا بەدەست هینانی مافەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی بەردەوام ئەبین و پێویستە پەنابەران رێکخراو یەکگرتوو بیت .

شایەنی باسە ئەم قسەو باسانە لەنیو خۆپشاندەراندا چەند جار بە چەپڵە پشتیوانی لێ کرا . دوای قسەو باسی چەند لایەنی تر بریار درا هەفتەی ئایندە خۆپشاندان بکریتەوە لەو شارەدا دژ بەسیاسەتی گەرانەوەی پەنابەران و بەرەسمیت ناسینی مافی نیشتەجێ بوون بۆ پەنابەران.

## فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا

**2005-8-29**

بۆ زیار زانیاری لەسەر ئەم کەمپینە بە دەشتی جەمال بەژمارەی (07734704742) یان بە سامان سەردەم بە ژمارەی(07799507141) یان بە سەعدی حەسەن بەژمارەی(07883735897) لەلەندەن،وە لەمانچستەر بە بورهان فەتاح بەژمارەی(07866757213) ،لەنوتین هام بە جاسم غفور بەژمارەی (07739338178) لەشاری ستۆك ئۆن ترینت بە حمە داود بەژمارەی 07742394746) پەیوەندی بگرن.

**خۆپشاندانی فدراسیۆن دژ بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد،ئەمڕۆ 26-8-2005**

**بەردەم هۆم ئۆفیس**



















Iraqi Asylum Seekers Say
IRAQ NOT SAFE
Iraqi Asylum Seekers Say
NO
to Deportation




Iraqi Asylum Seekers Say
NO
to Deportation


IRAQ NOT SAFE
IRAQ NOT SAFE
Hands off Iraqi Refugees in UK
Iraqi Asylum Seekers Say
NO
to Deportation












IRAQ NOT SAFE
NO

Asylum

